# گەشەپێدانی زانیارینامە بەزمانی کوردی

## ( پەیامێک بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان )

**ئاراس نوری ئەڵمانیا**

**زانیارینامە (encyclopedia) بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک زانیاریی لەسەر بابەتێک یان زیاتر و، خاڵبەندیکردنی بەکڵێشەیەک دەوترێت، کە خوێنەر بتوانێت زانیارییەکان زوو بدۆزێتەوە و لێیانەوە فێربێت.**

**لە ژیانی ئەمڕۆماندا گەورەترین سەرچاوەی زانیاریی تۆڕی ئینتەرنێتە. لە ئینتەرنێتدا هەموو زانیارییەک لەڕێگەی ئامێرەکانی گەڕانەوە ئەدۆزینەوە، زۆرکەمن ئەوانەی کە لەدانیشتنێکیاندا سەرهێڵ پەی بۆ ئەم ئامێرانە نابەن، هەموو ناوی گووگڵ (Google) و یاهوو (Yahoo)ـیان بیستووە و بگرە زۆرینەیان کردویانە بەلاپەڕەی دەستپێکی خۆیان.یەکێک لەو سەرچاوە بەرفراوانانەی کە هەنووکە هەموو ئامێرەکانی گەڕان لە پێشەنگی کردارەکەیاندا دەیدۆزن، ویکیپیدیایە (Wikipedia).**

### ویکیپیدیا چییە؟



زانیارینامەیەکی کراوەیە لە وێبگەیەکی (Website) ئینتەرنێتدا، تیایدا بەچەندین زمانی بەردەست زانیارییەکان پێشکەش بە سەردانکەران دەکات، هەموو کارێکی دان و وەرگرتنی زانیاریی تیایدا خۆبەخشانەیە. ئامانجی ویکیپیدیا پێکهێنانی زانیارینامەیەکی فراوانە "کۆکردنەوەی هەموو زانیارییەکانی مرۆڤ" کە بە زۆربەی زمانەکانی جیهان بابەتی لەخۆ گرتبێت و لەئاکامدا بە هەوڵێکی هاوبەش. زانستنامەیەکی بەلاش پێکدێت. ویکیپیدیا لەلایەن دامەزراوەیەکی ئەمەریکایی خێرخوا سەرپەرشتی دەکرێت .

ویکی (Wiki) خۆی لە سیستەمێکی سەروودەقدا (hypertext) دەبینێتەوە، کە خوێنەرانی دەسەڵاتی گۆڕینی دەقەکانیشیان هەیە و دەتوانن دەقی نوێش بنووسنەوە. بەو پێیە دەشێت لەبابەتێکدا چەندین نووسەر کاریان کردبێت، ئەمە ئامانجێکی تری ئەم سیستەمەیە کە زانیاریی تەواو و پوخت لەسەر هەموو شتێک بهۆنرێتەوە.

فراوانبوونی ئەم زانیارینامەیە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراوە، ڕۆژانە سەدان بابەتی نوێ بەزمانە جیاجیاکان زیاد دەکرێن، بەکارهێنانی پەرەدەسەنێت و، ناوبانگێکی ڕەهای پەیداکردووە کە وێبگەکەی لە یەکێک لە ١٠ وێبگەگرنگەکانی ئەمڕۆ دەژمێردرێت. شایەنی ناوبردنە کە ویکیپیدیا تەنها پرۆژەی ئەم دامەزراوە نییە، بەڵکو پرۆژەی تری وەک فەرهەنگی چەند زمان، زانیارینامەی هونەری، وێژەیی، زانستیی ..هتد هەیە.

بۆ زانیاریی زیاتر، ئینگلیزی: (en.wikipedia.org/wiki/Wikipedia). بە کوردی: (ku.wikipedia.org/wiki).

### زمانی کوردی

خۆشبەختانەچەند کوردێکی خۆبەخش دەستیان وەشاندووە لەم بوارەدا و، شوێنیان بۆ زمانی کوردیش گرتووە، هەردوو دیالێکتی کرمانجی سەروو بە پیتی لاتینی و، سۆرانی بەپیتی عەرەبی لە ویکیپیدیادا دامەزراوە. تایبەتمەندیی هەرە گرنگی ویکیپیدیای کوردی لەوەدایە کە تائێستا هیچ ئینسایکلۆپیدیایەک بە زمانی کوردی بەتەواوەتی نەنوسراوە. هەروەها یەکەمجاریشە ئینسایکلۆپیدیایەکی کوردی لەسەر ئینتەرنێت بڵاوبکرێتەوە. بەشە کوردیەکەی ویکیپیدیا لە ٧ی کانونی دووەمی ٢٠٠٤ دا بە هەوڵی ئەردال ڕۆناهی دامەزراوە. ئاراس نوری کاری وەرگێڕانی ویکیپیدیای کردوە بۆ سۆرانی لە ٢٠٠٧/١٢/٢٨ دا بەڕێوەبردنی سیستەمەکە بەسۆرانی زیادکراوە، تاکوو ئێستا ٤٥٪ وەرگێڕدراوە. هەنووکە تیمێکی بەڕێوەبردن بۆ بەشی سۆرانی سازدراوە، کە بەڕێز ئاسۆ مەحمودی بەڕێوەی دەبات. بێگومان هەم لە وەرگێڕان و هەم لە بەڕێوەبردندا هاوکاریی پێویستە.

تاکوو کێشەی چەپ بۆ ڕاستی لاتینی کرمانجی چارەبکرێت لەگەڵ سۆرانی، لە ٢٠٠٩/٤/٥ دا دواخوازینامە پێشکەش کرا بۆ جیاکردنەوەی سۆرانی و دانانی بەشێکی سەربەخۆ، پاشان لە ٢٠٠٩/٤/١٧ زمانێکی نوێ دروست کرا بۆ ویکیپیدیا بەناوی سۆرانی، تاکوو ئێستا هیچ وتار و بابەتێک نەگواستراوەتەوە.

ئەم تیمە کارەکانیان تەنها بەڕێوەبردن و چاککردنی بابەتەکان نەبووە، بگرە چەندین بابەتیشیان زیادکردوە بۆ بەشە کوردییەکان. بەردەوامیش لەهەوڵی ناسینی ویکیپیدیادان بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی بەشی کوردی.

بۆ وێنە پەیوەندی کراوە بە"ڕادیۆی نەوا" کە چەندین بابەت و لێکۆڵینەوەی وێژەیی، هونەری، مێژوویی، جوگرافی و، زانستی دیکەی سەر وێبگەکەیان خستۆتە خزمەت ئەم پرۆژەیە بەخۆڕایی، بەم زووانە لە پرۆسەیەکدا هەموو بابەتەکانیان دەخرێتە ناو بەشی سۆرانی، بێگومان وەکوو مافی خۆیان سەرچاوە بەناوی خۆیانەوە دەمێنێتەوە. لێرەوە جێی خۆیەتی سوپاسگوزاریی خۆمان بۆ ڕادیۆی نەوا ڕابگەیەنین و هیوادەخوازین کە نموونەیان زۆربێت.

کارکردن لەم سیستەمەدا خۆبەخشانەیە و چاوەڕوانی ئەوە مەبە کە سوپاسنامەت بۆ بێتەوە، بەڵام هەموو کردار و چالاکییەکت لە سیستەمەکەدا پارێزراوە، گەر خەڵات دابەشبکرێت، ئەوا دامەزراوە خێرخوازەکانی هاوپۆل کەساڵانە کۆنگرە دەبەستن، ئەوان ناوت دەهێنن و خەڵاتت پێئەدەن لەسەر ئەو چالاکیی و خۆبەخت کردنەت.

لەبەشی کوردیدا ڕێنوومایی کراوە کە چۆن دەتوانیت هەژمار بۆ خۆت بکەیتەوە و بەشداری بکەیت لە گەشەپێدانی بەشی کوردیدا.

### هەندێک ئامار لەسەر بەشی سۆرانی

هەنووکە بەشی سۆرانی ٥-١٠ نووسەری زۆرچالاکی هەیە، کە ڕۆژانە بابەتی نوێ زیاد دەکەن و بە بەباتە نووسراوەکانیشدا دەچنەوە.

ژمارەی بابەتەکان لەبەشی کوردیدا تاکوو ئەمرۆ تەنها ١٢٦٥٦ بابەتن، لە هەموو بوارەجیاجیاکاندا.

هەندێک کەسایەتیی کورد، خۆیان ناونووس کردووە و باسی ژیاننامەی خۆیان تیا کردوە، هەندێکیش باسی جیاجیایان پێشکەش کردووە.



لەو ئەندامانە ٥٨ یان لەبەشی کوردیدا چالاکن.

بەتەنها بەشی سۆرانی، ڕۆژانە ٣٠٠٠٠ سەردانکەری هەیە و، ڕوو لە زیادبوونە.

زمانی کوردی هەنووکە ٧٨ هەمینە لە ڕیزبەندی زمانەکاندا بۆ دەوڵەمەندی، بۆ ٣٠ -٤٠ ملیۆن کورد زۆر کەمە، لەکاتێکدا زمانی لیتوانیایی بە ٣،٥ ملیۆن کەسەوە ٨٨٠٠٠ وتاری هەیە و ٢٩ هەمینە.



### پشتیوانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی

وەک باسکرا، ئەم زانیارینامەیە هی لایەنێکی دیاریکراو نییە و هی هەموانە، دەوڵەمەندکردنیشی ئەرکی هەموانە. من پێموایە لەوەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشی ڕاگەیاندن هەیە، زۆربەشیان وێبگەیان هەیە کەباس لە کار و چالاکی وەزارەتەکەیان دەکات، ئینتەرنێتیان لەبەردەستدایە و، کارمەندیان هەیە. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت ئەوانیش ڕۆڵی خۆیان ببینن لە دەوڵەمەندکردنی بەشی کوردیدا. بۆ وێنە: لە ئینتەرنیتدا وەزارەتی گەیاندن بابەتی هەیە لەسەر "کێبڵی تیشکی"، وەزارەتی ژینگە چەندین بابەتی هەیە لەبواری ژینگە "پیسبوون، تیشکەکان، ژینگەی کوردستان، ..هتد"، دەکرێت بخرێنە سەر ئەم زانیارینامەیە (بێگومان وەزارەتەکانی تریش هەموو سەرچاوەیان زۆرە من تەنها ئەو دووانە بە نموونە دەهێنمەوە).

وەزارەتی ڕۆشنبیریی پێویستە گرنگی بدات بەم زانیارینامەیە، لەکاتێکدا کە هیچ پارەیەکی تێناچێت و ئەرکێکی نیشتمانییە کە پێگەی زمانی کوردی لەو زانیارینامەیەدا پتەوبکرێت تاکوو هەموو تاکێکی کورد لەهەر شوێنێکی دونیادا بێت سوودمەند بێت لێی. لەگەڵیدا بوونی زانیارینامەیەک سەرهێڵ (online) دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ کورد، هەموو کات دەتوانرێت ئەم سەرچاوە گەورەیە بخرێتە سەر کاغەز و بکرێت بەکتێبێک.

ڕووی زمانم بۆیە کردۆتە وەزارەتی ڕۆشنبیری، چونکە ئەوان بە لێپرسراوی فەرمی ناو حکوومەت دادەنێم بۆ ڕاژەکردنی زمان و فەرهەنگی کوردی و ئاستی زانستیی کورد لە باشووری کوردستان، ئەوانن دەتوانن ڕێنوێنی دەربکەن و چالاکی لەناو حکوومەتدا ببزوێنن.

### دامەزراوێکی حکومی یان پشتیوانی

من دروستکردنی دامەزراوەیەکی حکومی بۆ ئەم مەبەستە بەباش نابینم، هەم لەڕووی ماددیەوە دەبێتە ئەرک، هەم بۆ دابینکردن و سەرپێکردنی دامەزراوەکە پەستان دروست دەبێت لەسەر حکوومەت، ئێمە سەرچاوەمان لەبەردەستدایە، دەستی کارمان هەیە و، دەکرێت سوود لەو کارمەندە زیادانە وەربگیرێت کە لەوەزارەتەکاندا هەن، تاکوو بابەتەکان کۆبکەنەوە و لە ویکیپیدیادا زیادی بکەن. هەر بەڕێوبەرایەتییە دەتوانێت لەئاستی خۆیەوە هەڵمەتێک بۆ برەودانی زمانی کوردی لەو زانیارینامەیەدا بەرپا بکات. جگە لەوە ستراتیژییەتی ویکیپیدیا بەو ئاراستەیە دەڕوات کە ناحکومی بمێنێتەوە و ئازاد بێت. لە وڵاتان هەستکردن بە ئەرکی نەتەوایەتی و بوونی چەندین ڕێکخراو و کۆمەڵە لەو بوارەدا پشتیوانییەکی پتەون، ئەکرێت ئێمەیش سوود لە تاقیکردنەوەی گەلانی تر وەربگرین و بوونی خۆمان بسەلمێنین.

### پرۆژەیەک تەنها بۆ کورد

کورد دەتوانێت خۆی بەتەنها زانیارینامەیەک بۆخۆی دابنێت، لەسەر هەمان بنچینەی کارکردنی کە لەسەرەوە باسکرا. هاوکات سوودیش لە سەرچاوەی ویکیپیدیا وەربگیرێت هەم وەکوو سیستەمی بەڕێوەبردن و هەم وەک بنکەیەکی زانیاریی.

بەڵام کە ئەو سیستەمە ئامادەکراوە هەبێت، ئەوا پێویستمان بەدانەیەکی هاوتای ئەو نابێت.

حکوومەت دەتوانێت زانیارینامەی نوێ دروست بکات لەسەر بەڕێوەبردن و کارنامەی دەزگا و بەڕێوەبەرایەتییەکان، یاخود لەسەر مێژووی کورد بەتەنها، یان هەر بوارێکی تری بایەخدار. نموونەی کاری لەو شێوەیە کە کورد بەتەنها بۆ خۆی پێی هەستابێت، لە گرووپی چاوگدا (www.chawg.org) دەبینرێت، لەوێ بۆ بواری دارشتنی ماڵپەر و بەرنامەکردنی PHP و CSS بەنموونە دەبینرێن.

شایەنی باسە بەڕێز "هاوڕێ باخەوان" کوردپیدیای داناوە (www.bakhawan.com/kurdipedia) کە هەنووکە تەنها بەشێوەی دەق (بێ وێنە). بەگشتی هەوڵێکی زۆر جوانی داوە و جێی شانازییە، نزیکەی ١٧٦٥ بابەتی لەخۆگرتووە، دەکرێت بکرێت بە سەرچاوەیەکی پتەو و سوود لە شارەزایی ئەو بەڕێزە وەربگیرێت لەم ڕووەوە.

لەکۆتاییدا پێمخۆشە سوپاسی هەموو ئەو کوردانە بکەم کە کاتی خۆیان تەرخانکردووە لەم پێناوەدا و خۆبەخشانە وەک سەربازی ون کار دەکەن. بەهیوای کاردانەوەیەکی دڵخۆشکەرانەی وەزارەتیشم کە جێدەستێکی باش نیشان بدەن لەم گۆشەیەوە.

# هەموو فەرمانە کورتکراوەکانی Run فێربە!

**ئا: ئالان ئیبراهیم**

**یەکێک لە کۆماندە سەرەکییەکانی ویندۆز کۆماندی (Run)ە کە زۆر فرمانی پێ ئەنجام دەدرێت لەڕێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەی کورتکراوە کە زۆرێک لە ئێمە ئاشنانین بەو دەستەواژانە بۆیە منیش بەپێویستمزانی لەم بابەتەدا سەرجەم ئەو دەستەواژانە بە بەکارهێنەری کورد ئاشنا بکەم**

eudcedit کردنەوەی ڕەمزەکانی بەرنامەیەکە لە وێندوز هەیە زۆر گرنگە
powercfg.cpl کردنەوەی وزەی ویندوز
dialer پەیوەندی لە تەلەفۆنەوە بۆ کۆمپیوتەر.
perfmon بۆ زانینی حاڵی کۆمپیوتەرەکەت.
osk کردنەوەی کیبۆرد سکرین.
packager کردنەوەی ژمارەی پاکەتەکان.
conf بەستنەوەی دوو کۆمپیوتەر بە ئەنتەرنێت.
main.cpl تایبەتە بە لاپتۆپ بۆ ئیش پێکردنی بێ ماوس.
moviemk کردنەوەی موڤ مەیکەر.
winchat کردنەوەی ویندۆزی قسە کردن
verifier بۆ ئاشکرا کردنی پێناسنامەکان
migwiz بۆ پێکەوە بەستانی دوو کۆمپیوتەر بە هوی کارتی مۆدوم.
sigverif چارەسەری فایلەکان بە سۆفت وێر".
hypertrm ناردنی فایل لە کۆمپیوتەرێکەوە بۆ کۆمپیوتەرێکی تر لە هەر شوێنێ بێ.
iexpress ئاشکرا کردنی فایل.
ciadv.msc ناوەروکی فایلەکان زۆر بە ئاسانی .
wabmig گۆڕینی ناونیشانی فایلەکان لە هەرشوێنێ بێ .
wab داخیل کردنی ناونیشانی فایلەکان ئەوەی دەتەوێت.
utilman بۆ یارمەتی دانی کۆمپیوتەرو هێنانی کیبۆرد سکرین و گەورە کرتنی بەشێک
nusrmgr.cpl دانانی یوزەر بۆ ویندۆزەکەت
telnet بۆ ئالۆگورکردنی فایل لە دۆز.
taskmgr کردنەوەی تاسک مانیجەر.
sysdm.cpl زانیاری لە سەر ویندۆز.
msinfo32 هەموو زانیارییەکت پێ دەدات لە سەر کۆمپیوتەر هاردوێرو سۆفت وێر.
msconfig لەم ویندۆیە دەتوانی بەشێک لە ویندۆ دەستکاری بکەی.
cliconfg بۆ کردنەوەی ویندۆی کیوال.
shutdown بۆ کۆژاندنەوەی ویندۆز.
services.msc خزمەت گوزاری ویندۆز.
ntmsoprq.msc زیاد کرتنی سیدی روم دیڤیدی روم.
mstsc پێکەوە بەستانی دوو کۆمپیوتەر لە هەر شوێنێ بێ.
regedit کردنەوەی ڕێجستری کۆمپیوتەر.
temp ئەو فایلانەی زیادن لە کۆمپیوتەرەکەت دەتوانی دیلێتیان بکەی
%temp% ئەو فایلانەی زیادن لە کۆمپیوتەرەکەت دەتوانی دیلێتیان بکەی
recent ئەو فایلانەی زیادن لە کۆمپیوتەرەکەت دەتوانی دیلێتیان بکەی
prefetch ئەو فایلانەی زیادن لە کۆمپیوتەرەکەت دەتوانی دیلێتیان بکەی
accwiz زیاد کردنی هەندێ موەسەفاتی دیسکتۆپ.
hdwwiz.cpl زیاد کردنی پارچەی ڕەقی کۆمپیوتەر.
appwiz.cpl بۆ هێنانی ویندۆی فرێدانی بەرنامەکان.
wuaucpl.cpl بۆ ویندۆ نوێکرتنەوە.
fsquirt ناردنی فایل بە هۆی بلۆتوز
calc بۆ هێنانی حاسیبە.
certmgr.msc ئەندامەکانی ویندۆز.
charmap بۆ هێنانی ڕەمزی کۆدەکانی کۆمپیوتەر.
chkdsk بۆ پشکنینی بەشەکانی کۆمپیوتەر.
clipbrd ئەو نوسراوانەی کۆپی دەکەی لەم ویندۆیە نیشان دەدات.
dcomcnfg بنچینەی خزمەتگۆزاری.
compmgmt.msc بەڕێوەبەری کۆمپیوتەر.
control کردنەوەی کۆنترۆڵ پەناڵ.
timedate.cpl کردنەوەی ویندۆی کات.
write بۆ کردنەوەی ووردپاد.
tourstart چون بۆ ناو ویندۆ.
winver بۆ زانینی ڤێرژنی ویندۆزەکەت.
wupdmgr بۆنوێکردنەوەیویندۆزەکەت بە ئەنتەرنێت.
syskey دانانی ژمارەی نهێنی بۆ ویندۆزەکەت زۆر گرنگە.
wiaacmgr تایبەتە بە کردنەوەی سکانەر بۆ داخیل کردنی وێنە هتد...
msmsgs بۆ کردنەوەی ویندۆز مەسێنجەر.
wmplayer بۆ خوێندنەوەی دەنگ و ڕەنگ.
magnify بۆ گەورە کردنی بەشێک لە ویندۆ
explorer بۆ کردنەوەو دۆزینەوەی فایلەکان و ڕێک خستنی فایلەکان.

# ئەگەری ماڵئاوایی بلوتوس

تەکنەلۆژیای (transfer jet) کە پێویستی بە وشەی نهێنی نییە و زیاتر لە 100 جار لە بلوتوس خێراترە، وەکو ستانداردی نوێی پەیوەندی وایەرلێس دەخرێتە ڕوو.

ئەم داهێنانە لەلایەن کۆمپانیای سۆنی بەرهەم هاتووە و پێویستی بەشەپۆلی کەمترە و لە سەر شەپۆلەکانی UWB کار دەکات و بۆ ناردنی زانیاری هەتا 375مێگابایت لە چرکە لە مەودای سێ سەنتیمەتر کار دەکات و لە لایەن کۆمپانیا زەبەلاحەکانی داهێنان وەکوو سامسۆنگ و توشیبا و پاناسۆنیک و کۆداک و هیتاشی، پشتگیری لێ کراوە.

ئەم ستانداردە بەڵێنی داوە کە خێرایی پەیوەندی بەستن و ناردنی زانیارییەکان زیاتر بکات و بەکارهێنەر تەنها پێویستە دوو ئامێر لە تەنیشت یەکتر دابنێن و ئەو زانیارییەی کە دەنێردرێت دەست نیشان بکەن. لەبەرئەوەی ئەم ستانداردە لە پەیوەندی ناوچەیی نزیک NFC کەڵک وەردەگرێت بۆیە پێویستە ئامێرەکان زۆر لە یەکتر نزیک بن، ئەمەش یارمەتی دەدات کە زانیارییەکان نەدزرێن و تەنها بۆ کەسی مەبەست بنێردرێن. بەم شێوەیە و لە ئەگەری بەربڵاو بوونەوەی ئەم ستانداردە پێشبینی دەکرێت بەکار هێنانی بلوتوس بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزێت و لە پاشەڕۆژ ناوی بچێتە مێژوو.

**سەرچاوە:BBC**



# بەرهەم هێنانی ئینتەرنێتی برۆدباندی 200Mbps وایەرلێس

کۆمپانیای ڤێرجین میدیا بۆ پەیوەندی ڕایگەیاند دەست دەکات بە تاقیکردنەوەی هێڵی ئینتەرنێتی زۆر خێرا بە بڕی 200Mbps لە ناوچەی ئەشفۆرد کێنت.

زیاتر لە 100 بەکارهێنەر دیاریکراون کە بەشداری لە تاقیکردنەوەی سەرەتایی دا بکەن کە تاکۆتایی ساڵ بەردەوام دەبێت.

کۆمپانیای ڤێرجین میدیا لێکۆڵینەوە دەکات لەوەی کە چۆن بەکارهێنەرەکانی هێڵی زۆر خێرا بەکاردەهێنن. هەروەها هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگای بێوایەر (Wireless) دەدەن کە بتوانێت بەو خێرایە زانیاری بگوێزێتەوە، چونکە تازەترین جۆری بێوایەر (Wireless) توانای گواستنەوەی زانیاری بە خێرای زیاتر 125Mbpsنییە لەبەرئەوە پێویستە ڕێگایەکی تازەتر بدۆزنەوەی بۆ سود وەرگرتن لە گواستنەوەی زانیاری بە ڕێگەی بێوایەر.

بە خستنە بەردەستی ئەم خزمەتگوزاریە




کۆمپانیای ڤێرجین میدیا دەبێت بە یەکەم کۆمپانیا کە ئینتەرنێت بەم خێرایە بۆ بەکارهێنەرانی دابین بکات.

# لەبەر ونکردنی ئایفۆنەکەی خۆی کوشت

**ئا: ژیوار ڕێبوار**



کرێکارێکی چینی شکی لێدەکرا کە ئایفۆنێکی دزیوە، لەبەر ئەم تۆمەتە، ئەویش خۆی کوشت.

ئێستاش گەورە کۆمپانیای ئەپڵ داوا لە کۆمپانیاکانی ژێردەستی خۆی دەکات کە بە ڕێزەوە سەیری کرێکارەکانیان بکەن.

ئەم کرێکارە ناوی " Sun Danyong" و تەمەن 25 ساڵ بوو، لە کومپانیای " Foxconn Technology Group " ە لە شاری "Shenzhen" نزیک " Hongkong" کاری دەکرد، ئەم کۆمپانیایەش بەرهەمە نویەکانی "ئەپڵ" مونتاژ دەکاتەوە.

ڕێکەوتی 13ی جولایی ئەمساڵ کرێکاری ناوبراو لە ڕاپۆرتیکدا ڕایگەیاندبوو کە یەکێک لە ئایفۆنەکانی نەوەی چوارەم کە بۆ تاقیکاریی بووە و هێشتا نەهاتووەتە بازاڕ، لێی ونبووە. هێزی پاراستنی ئەو کۆمپانیایە کرێکارەکەیان گرتبوو، دوای لێدانێکی زۆر چووبوون نیوماڵەکەشی گەڕابوون. سێ ڕۆژ دوای ئەم بەسەرهاتە "سان دانیۆنگ" لە قاتی دوازدەهەمی ماڵەکەیەوە خۆی فرێدایە خوارەوە و خۆی کوشت.

ئەی. پی (AP) لەم بارەیەوە دەنووسێت کە کومپانیای ئەپڵ بەوەی ناسراوە کە نهێنیکاری زۆر لە پێکهاتەی بەرهەمەکانی خۆیدا دەکات و ئەو کەسانەی بەرهەمە تاقیکاریی و نوێکانی ئەو کۆمپانیەیان بەدەستەوەیە لە ژێر چاوەدێرییەکی زۆر توونددا دەژین.

ئەپڵ دەیەوێت لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوە بکات بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوە ڕوونبکاتەوە. هەروەها " Jill Tan" بەرپرس و وتەبێژی ئەپڵ لە هۆنگ کۆنگ دەڵێت: ئێمە زۆر خەمباری لەدەسچوونی نابەجێی ئەم کرێکارە لاوەمانین و ئێستاش چاوەڕوانی ئامانجی لێکۆڵینەوەکانین لە سەر مردنی ناوبراو.